# بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی

# کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

(پێشنیاری دەستەی بووژاندنەوەی یەکسانی بۆ کۆنفرانسی داهاتوو، سەرماوەزی ١٣٩١ی هەتاوی، دێسامبری ٢٠١٢ ی زایینی).

# پێڕست

پێشەکی ٣

**بەشی یەکەم: پێناسەی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان** **٤**

**بڕگەی یەکەم :** ناوی ڕێکخراو ٥

**بڕگەی دووهەم:** باوەڕی یەکسانی ٥

**بڕگەی سێهەم:** ڕوانگەی یەکسانی لەبابەت کوردستان ١٢

**بەشی دووهەم: پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان** **١٤**

**بڕگەی یەکەم:** ئەندامێتی لە کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان ١٥

**بڕگەی دووهەم:** ڕێکخستن ١٧

**بڕگەی سێهەم:** کۆنفرانس ١٨

**بڕگەی چوارەم:** کۆمیتەی ناوەندی ١٩

**بڕگەی پێنجەم:** دەفتەری سیاسی ٢١

**بڕگەی شەشەم:** لێپرسینەوە ٢٢

**بڕگەی حەوتەم:** ئارم و دروشمی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان ٢٢

## پێشەکی

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان ڕێکخراوێکی سیاسی سەربەخۆ و یەکسانیخوازە کە ساڵی١٣٥٧ی هەتاوی، بەرامبەر بە (١٩٧٨)ی زایینی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراوە و ساڵێک دواتر، لە نەورۆزی ١٣٥٨ی هەتاوی، بوونی خۆی ڕاگەیاندوە. کۆمەڵەی یەکسانی ویڕای باوەڕ بە سەربەخۆیی و ڕزگاریی کوردستان بە هەموو بەشەکانیەوە، بۆ دابینکردنی مافی بڕیاری خەڵکی کوردستان لەسەر چارەنووسی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە شێوەکانی سیاسی و مەدەنی خەبات دەکات.

کۆمەڵەی یەکسانی هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە بەهۆی سیاسەتی داپڵۆسین و ڕاوەدوونانی داگیرکەرانەوە لە کوردستان و نەبوونی ئازادی و هەلومەرجی گونجاوی خەبات بۆ لایەنە سیاسی و مەدەنییەکان لەم ناوچەیە و بەتایبەتی لە ئێران، وەک زۆربەی لایەنە چالاکەکانی کوردستان لە ماوەی تەمەنی خۆیدا تووشی کۆمەڵێک بەربەست هاتووە کە بەخۆشییەوە هەرگیز لە هەلومەرجە دژوارەکاندا خۆی بەدەستەوە نەداوە و سەرەڕای شەهیدکرانی زۆرینەی ڕێبەرانی دامەزرێنەری لە ساڵانی سەرەتای تێکۆشانی یەکسانی، ئەندامان و لایەنگرانی یەکسانی، هیچکات لە ئامانجی ڕزگاریی و سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان و هەروەها لە بەرگری لە مافی هەژاران و چەوساوەکانی کوردستان وازیان نەهێناوە. ئێستاش پاش بڕینی قۆناخێکی دژواری سیاسی، ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان، بە دامەزراندنی دەستەی بووژاندنەوەی یەکسانی، خەباتی ئاشکرایان ڕاگەیاندۆتەوە.

لێرەدا پاش لێکدانەوەیەکی چەند مانگەی خەباتی ئیستا و ڕابردووی یەکسانی و پێداچوونەوە بە گەڵاڵەی بەرنامە و پێڕەوەی پێشووی کۆمەڵەی یەکسانی، بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان (پێشنیاری دەستەی بووژاندنەوەی یەکسانی بۆ کۆنفرانسی داهاتوو) دەخەینە ڕوو.

# بەشی یەکەم:

# بەرنامەی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

(ناوی ڕێکخراو، پێناسەی یەکسانی، باوەڕی یەکسانی، ئامانجەکان، سەرچاوەی باوەڕ و خەباتی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان)

## بڕگەی یەکەم

**ناوی ڕێکخراو:**

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

## بڕگەی دووهەم:

**باوەڕی یەکسانی**

### ئا. پێناسەی باوەڕی یەکسانی

"یەکسانی" چ لە وشە دا و چ وەکو هزر، وەک "هەبوونی مافی هاوشێوە بۆ هەموو مرۆڤێک" پێناسە دەکرێت. هەر لەسەر ئەم بنەمایە، "کۆمەڵەی یەکسانی" خوازیاری کۆمەڵگەیێکە لەسەر بنەمای ئازادی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافی یەکسان بۆ هەموو مرۆڤێک کە لە کۆمەڵگەدا بوونی هەیە. مرۆڤەکان بەگشتی لە ڕووانگەی کۆمەڵەی یەکسانییەوە خاوەن بەهایەکی یەکسانن و پێویستە ڕێز لە ئیرادە و بڕیاری تاکەکان لەسەر چارەنووس و ژیانیان بگیردرێت. هەر بەم پێیەش، هەڵاواردن و پێشداوەریی ڕەگەزیی، جەستەیی و ئێتنیکی لە ڕووانگەی کۆمەڵەی یەکسانییەوە، بە هۆکاری سنووردارکردنی مافەکانی تاک و کۆمەڵ دەناسرێن و بە هەموو شێوەیەک ڕەت دەکرێنەوە. هەر لەسەر ئەم بناخەیە، "یەکسانی" تێڕوانینی خۆی بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان بە کورتی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەخاتە ڕوو:

١ـ مافی بڕیاردانی گەلی کورد لەسەر چارەنووسی خۆی و دامەزراندنی وڵاتی سەربەخۆی کوردستان کە لەو وڵاتەدا سیستەمی بەڕێوەبەریی وڵات لەلایەن خەڵکەوە لە ڕێی هەڵبژاردنێکی ئازادەوە دیاری بکرێ.

٢ـ هەوڵدان بۆ ڕزگاری لە ژێردەستەیی و چەوسانەوە، دواکەوتوویی، هەژاری و برسیەتی لە ڕووانگەی کۆمەڵەی یەکسانییەوە، لە چوارچێوەی هەوڵ بۆ ئازادیدا پێناسە دەکرێن. ئازادی

واتە توانـایی و مـافی بڕیـاری مـرۆڤ لـەسـەر خـۆی بە هەردووک لایەنـی کردەییـی و هـزری. ئازادی لە ڕووانگەی کۆمەڵەی یەکسانی، بەواتای مافی بڕیاری تاک و کۆمەڵ لەسەر چۆنیەتی و چەنـدایەتیی ژیانیـان دەناسـرێت، هەر بـۆیەش ئـازادی بە سـەرەتا و مەرجـی پێکهێنـانی کـۆمەڵگەیەکی یەکسـان دەزانێـت. بەم پێـیە کـۆمەڵەی یەکسـانی لە بـابەت بڕیـار لەسـەر چارەنووس و چۆنیەتیی ژیانی کۆمەڵ و تاکەکان، باوەڕی تەواوی بە ئـازادیی هەموو مرۆڤێک و هەموو گەلێک هەیە و ڕێز لە بڕیار و ئیرادەی تـاک و کۆمەڵگەکـان دەگرێت. لەم پێوەندییەدا، کۆمەڵەی یەکسانی پێی وایە کە پێویستە گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، دانـی پێدا بنـرێ و لە ڕێگەی ڕاپرسییەکی ئـازاد و لەژێـر چـاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکـان لە هەر کـام لە بەشـەکانی کوردسـتان، بڕیـار لەسـەر چارەنووسـی خـۆی بـدات. ئـازادی لە بەشـداری و کاریگەربوون و پێکەوە بڕیاردان بۆ خۆ بەرەوپێشبردن و هەبوونی هەلومەرجی خۆبەڕێوەبەری و ویستی هەڵبژاردنی داهاتووی تاک و کۆمەڵ، ئازادیی ئایین، ئایـدۆلۆژی، ڕادەربـڕین و مێدیا و هەروەها هەل و دەرفەتی هاوشێوە بۆ دامەزرانـدن و چـالاکیی پـارت و ڕێکخـراوەی سیاسـی و مەدەنـی، ئـازادیی ڕەخنـە و چـالاکیی خۆپیشـاندان و نـاڕەزایەتی دەربـڕین و هەلـی ئـاڵوگۆڕی دەسـەڵات لەڕێـی پرۆسـەی دەنگـدان و هەڵبژاردنـی ئـازاد و ڕوونەوە، وەک بـاوەڕ و پێناسـەی کۆمەڵەی یەکسانی بۆ ئازادی دەناسێندرێن.

٣ـ مافی خوێندن لە قوتابخـانە بەتـایبەت بە زمـانی دایک و هەروەهـا لە زانکۆ، لێکۆڵینەوە، پێشـکەوتن و گەشـەکردنی تـاک و ڕێزگـرتن لە خواسـتی مـرۆڤ بـۆ خۆپێگەیانـدن و هەوڵ و پشتگیریی ڕەخساندنی هەلومەرجی پێویست و هاوشێوە بـۆ هەمـوو تاکێک بـۆ وەدیهێنـانی ئەم ئامـانجە، مـافی بەشـداریی و کـاریگەربوونی یەکسـان لە کـۆمەڵگە و لە دەسـەڵات، مـافی ژیـانێکی ئاسـوودە و دابینکردنـی ئاسایشـی یەکسـان بـۆ سـەرجەم تاکەکـان بەبـێ هەڵاواردن، وەک بەشێکیتر لە باوەڕ و لە ئامانجەکانی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان دەناسێندرێن.

٤ـ ئاشتیخوازی و برایەتی یەکێک لە بڕواکـانی کۆمەڵەی یەکسـانییە. یەکسـانی خـۆی بە دژی هیچ گەلێک و لەوانـەش گەلانـی فـارس و تـورک وعەرەب نـازانـێ و پێـی وایە کە گەلـی کـورد و خەڵکـی کوردسـتان دەتـوانن بە ئاشـتی و برایەتـی لە هاوسـێیەتیی ئەو گەلانەدا بـژین، لە هەمـان کاتـدا یەکسـانی هەمـوو سیاسـەتێکی داگیـرکەری وسـتەمکاری لەسـەر گەلان ڕەت

دەکاتەوە و پێی وایە کە خەڵکی کوردستان مافی خۆیەتی لەسەر زێدی خۆی، بە سەربەخۆیی لە هاوسێیەتیی گەلانی دەورووبەری بژیت.

٥ـ یەکسانی باوەڕی بە فرەڕەهەندی و فرەچەشنیی سیاسی، فەرهەنگی، کولتووری و کۆمەڵایەتی و تۆلێرانس هەیە و هەمووو بەرچاوتەنگی، پەراوێزخستن، خۆسەپاندن و بەرتەسککردنەوەیەک لەم بوارانەوە ڕەت دەکاتەوە.

٦ـ یەکسانی بڕوای بە بەشداریی هەموو چین و توێژ و هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە و کاریگەربوونیان لەسەر کۆمەڵگە و دەسەڵات هەیە و لەم پێناوەدا بەتایبەت بڕوای بە بەشداریی ژنان و گەنجان لە ناوەندەکانی بڕیاردان هەیە و پشتیوانییان لێ دەکات.

٧ـ کۆمەڵەی یەکسانی هەموو هەڵاواردنێکی ڕەگەزی، زایەندی (جینسی) و ئێتنیکی ڕەت دەکاتەوە و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە پێویستە مرۆڤەکان بەبێ جیاوازیی ڕەگەزی و جەستەیی، وەک مرۆڤ و هاوشان سەیر بکرێن. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش یەکسانی بڕوای بە یەکسانیی ژن و پیاو لە بواری هەموو مافێکەوە هەیە و ڕەخساندنی هەموو هەلومەرجێکی یەکسان بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی هاوشێوەی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا بەپێویست دەزانێ و بە هەموو توانای خەباتی بۆ دەکات.

٨ـ کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان دژی ناکۆکی و شەڕی براکوژییە و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دووبەرەکی و ناکۆکی لەنێوان هێز و لایەنەکانی سیاسی لە کوردستان بە زیانی جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد و بە قازانجی نەیارانی نیشتمان تەواو دەبێت.

٩ـ کۆمەڵەی یەکسانی بڕوای بە جاڕنامەی نێونەتەوەییی مافی مرۆڤ هەیە و ڕێز دەگرێ لە هەموو ڕێککەوتنە ناونەتەوەیییەکان بۆ بەرگری لە مافی منداڵان، ژنان، کەمایەتییە نەتەوەیی، ئێتنیکی و ئایینییەکان و پشتیوانییان لێ دەکات.

١٠ـ کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان دژی هەموو شێوەیەکی سزای سێدارە و کوشتنە و ئەم سزایە بە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ دەزانێ.

١١ـ کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان بڕوای بە لاشەڕبوون، ئاشتیخوازبوون و پێوەندیی دۆستانەی خەڵکی کوردستان و هەموو گەلانی گۆی زەوی هەیە و پێی وایە کە پێویستە خەڵکی

کوردستانیش لەگەڵ هەموو خەڵکانی ئاشتیخواز و یەکسانیخواز هەوڵی سەقامگیرکردنی دێموکراسی و ئاشتی و ئاوەدانی و ئاسایشی خەڵک بدات و بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوە و ژێردەستەیی هاوکار و هاوخەبات بێت.

١٢ـ ئەدەبیاتی کۆمەڵەی یەکسانی پێویستە ئەدەبیاتێکی پاراوی کوردی بێت و بۆ ئەم بابەتە "یەکسانی" هەوڵی ڕاستکردنەوەی مێژوو، فەرهەنگ، ئەدەبیات و زمانی کوردی لە مێژوو، فەرهەنگ و ئەدەبیاتی داگیرکەران بەپێویست دەزانێ.

١٣ـ کۆمەڵەی یەکسانی بڕوای بە یەکسانیی هەردوو ڕێنووسی لاتینی و ئارامیی کوردی هەیە و چەند زاراوەییی زمانی کوردی لە کوردستان بە سروشتی جوان و دەوڵەمەندیی زمانی کوردی دەزانێ و وێڕای بەئاساییزانین و بەپێویستزانینی زمانی ستانداری کوردی، بەرگری لە فێرکردن و پاراستنی زاراوەکان لە هەموو ناوچەکانی کوردستان دەکات.

١٤ـ کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان تێڕوانینێکی مرۆڤانە و یەکسانیخوازانەی بۆ هەموو مرۆڤێک هەیە و لەسەر ئەم بنەمایە  هەموو تاکێک، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز و زمان و ئایین و ئایدۆلۆژی، بەمەرجێ باوەڕی بە مافەکانی مرۆڤ و بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی یەکسانی هەبێت، مافی بوونەئەندامی لە کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان و بەشداری و کاریگەری و بەرپرسیارێتیی لە "یەکسانی"دا هەیە.

**ب. ئامانجەکانی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان**

١ـ خەبات بۆ وەدیهێنانی مافی خەڵکی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی.

٢ـ هەوڵدان بۆ لێکنزیکبوونەوە و هاوخەباتی و پێکهێنانی بەرە لەگەڵ ئەو پارت و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییانەی لە کوردستان و ناوچەکە باوەڕیان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان و لەم ناوەشدا باوەڕیان بە مافی ڕەوای خەڵکی کوردستان هەیە.

٣ـ خەباتی زانستی بۆ گەشەکردن و پێشخستنی کوردستان لە بوارەکانی پیشەیی، وەرزێڕیی، ژینگە، تەندروستیی، پەروەردە، فەرهەنگی و کولتووری.

٤ـ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان لە بوارەکانی چینایەتی، ڕەگەزی، ئایینی و زایەندی (جینسی) ، کۆمەڵگەیەک کە هەمووان بەبێ ترس لە ڕاوەدوونان، پێشداوەری و هەڵاواردن، مافی بەشداری و کاریگەریی هاوبەش و هاوشێوەیان هەبێت و هەموو هاووڵاتییان خاوەنی ڕێز و مافی یەکسان بن.

٥ـ وەدیهێنانی هەلومەرجی پێشکەوتن و گەشەکردنی تاکەکان و بردنەسەری تواناییەکانیان لە هەموو بوارەکانی خوێندن و کار.

٦ـ دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی و ئابووری، کە هەموو هاووڵاتییان خاوەنی ئاسایش بن و مافی بەشداری و کاریگەرییان هەبێت. کۆمەڵگەیەک کە هەموو تاکەکانی خاوەنی ئیرادە و بڕیاری هەڵبژاردنی ئازاد بن، سیستەمێک کە هەوڵی نەهێشتنی هەژاری و بێکاری بدات، پارێزە (بیمە)ی کار و قەرەبووی بێکاری بە شێوەیەکی دادپەروەرانە تێیدا ڕەچاو بکرێت و بەبێ هەڵاواردن و جیاوازی، میکانیزمێکی یەکسانییخوازانە بۆ ئاسوودەیی و ئاسایشی کۆمەڵگە ڕەچاو بکات و یارمەتیی پەروەردە و گەشەپێدانی منداڵان، گەنجان و بەساڵداچووان لە هەموو بوارێکەوە بایەخ و سەرنجی تایبەتی پێ بدرێت.

٧ـ لەبەرچاوگرتنی پەروەردە، خوێندن و هەموو مافەکانی کەسانی خاوەنپێداویستیی تایبەت.

٨ـ بەرگری لە مافی مرۆڤ، دۆستایەتی و برایەتی لەگەڵ هەموو کۆمەڵگەکانی تر و پشتیوانی و یارمەتیی ڕزگاریخوازانی نەتەوەکانی تر.

٩ـ خەبات لە دژی هەموو دابونەریت و بیروبۆچوونێکی دواکەوتووانە، کە ڕێگر بن لە گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی زانست، فەرهەنگ، زمان و کولتووری خەڵکی کوردستان.

### پ. سەرچاوەی باوەڕی یەکسانی

بیر و هزری "یەکسانی" وەک بیرۆکەی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان پێناسە دەکرێت. ئەم بیرۆکەیە لە فەلسەفە و بیر و باوەڕی سەربەخۆییخوازانە و یەکسانیخوازانەی ڕێبەرانی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان سەرچاوەی گرتووە. سەربەخۆییخوازی، یەکسانیخوازی، کراوەبوون

و دووری لە بیر و کردەوەی ڕادیکاڵ، باوەڕ بە مافی مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و هەروەها خەباتی زانستی و پێشکەوتنخوازی وەک بناخەی فیکریی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان دەناسرێن.

سەرهەڵدانی بیری یەکسانیخوازی لەناو ڕێبەرانی کۆمەڵەی یەکسانی لەوکاتەوە دەستی پێ کردووە کە وەکوو تاک هەر لە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک) و کۆماری کوردستانەوە دەستی پێ کردووە و پاشان تا دەیان ساڵ خەباتیان لە شاخ و لە شار لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان درێژەی هەبووە. ڕێبەرانی سەرەکیی کۆمەڵەی یەکسانی (کە پاشان زۆرینەیان گیانیان فیدای ڕزگاریی کوردستان کرد)، هەر لە سەرەتاوە لە لایەک هەستیان بە ژێردەستی و داگیرکراویی خاک و نەتەوەکەیان لە لایەن داگیرکەرانەوە کردووە و لە لایەکی تر باری گرانی سەر شانی ژنانی بێبەش لە ماف و ئازادی، ستەمی چینایەتی و چەوساوەیی خەڵکی زەحمەتکێش و هەژاریان لە کوردستان لەلایەن چەوسێنەرانی ناوخۆییەوە لە نزیکەوە دیتووە. هەر بۆیەش وێڕای خەبات بۆ ڕزگاری لە ژێر دەستی داگیرکەران، هاوکات خەبات بۆ نەهێشتی نایەکسانی و هەڵاواردن و چەوسانەوەی چینی زەحمەتکێش و هەژار لە کوردستان بۆتە بەشێک لە بیر و باوەڕی هزری و کردەییی (تیۆری و پراکتیکی) ئەو ڕێبەرانە. هەر بۆیەش کۆمەڵەی یەکسانی، لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیی خۆماڵی و بەپێی پێویستیی هەلومەرجی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەڵکەوتەی جوگرافی و نەتەوەیی کوردستان، لەسەر بنەماکانی ئایدیۆلۆژیی یەکسانیخوازی سەری هەڵداوە و بۆ ئەم ئامانجانە خەبات دەکات.

### ت. خەباتی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان لە بەهاری ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩ی زایینی) بە ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان و دابینکردنی مافی بڕیاردانی گەلەکەمان لەسەر چارەنووسی خۆی و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و پێشکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونی خۆی ڕاگەیاندووە. بەر لەو کاتە، بەشێک لە ڕێبەرانی دامەزرێنەری کۆمەڵەی یەکسانی، ساڵانێکی زۆر لەدوای کۆماری کوردستان و تا ساڵێک پێش ڕووخانی ڕژیمی شا، لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا چالاکانە بەشدار بوون و خەباتیان کردووە. ساڵێک بەر لە

ڕووخـانـی ڕژێمـی پاشـایـەتیی ئێـران (١٣٥٧ی هـەتـاوی/ ١٩٧٨ی زایینـی)، تـا کۆبـوونـەوەی بـەرینـی ئەندامانی یەکسانی لە شاری سەقز لە دوای ڕووخـانـی ڕژێمی شا و ڕاگەیاندنی فەرمیـی کۆمـەڵەی یەکسـانیی کوردسـتان لـە نـەورۆزی سـاڵی (١٣٥٨ی هـەتـاوی/ ١٩٧٩ی زایینـی)، ئـەم خـەباتکـارانـە لـەگەڵ کۆمـەڵێک لـە ڕوونـاکبیرانـی شۆڕشگێڕی ئـەو سـەردەمـە، لـەژێـر نـاوی (بـنکەی بووژانـدنـەوەی فـەرهـەنگی کوردی) دا خـەباتیان کردووە.

کۆمـەڵەی یەکسانی لـە ڕابردوودا هێزێکی سیاسی و نیزامـی بووە و ڕێبـەرانی یەکسانی بـە درێژایـی دەیان ساڵ خـەباتی خۆیان، پێشـەنگی خـەباتی سیاسـی و هـەروەهـا بـەرگری لـە کوردستان بـوونـە و گیـانـی خۆیـان لـەم ڕێـیـەدا پێشکـەشـی ڕزگـاریی وڵات و یـەکسـانیی خـەڵکـی کوردسـتان کـردووە. کـۆمـەڵەی یـەکسـانـی هـەر لـە سـەرەتای دامـەزران و دەسـتپێکی خـەبـاتیـەوە لـە سـاڵی ١٩٧٩ لـە ڕۆژهـەڵاتـی کوردسـتان تـا سـاڵی ١٩٩٧ لـە ڕۆژهـەڵات و باشـووری کوردسـتان چـالاکیی (سیاسـی - نیزامـی)ی کـردووە، بـەڵام لـەو کـاتـە بـەدواوە بـە هـۆی پێشـهاتنی هـەلـومـەرجێکی تـایبـەت، خـەبـاتی ئـاشکرای ڕاگرتووە و تا هاوینی ٢٠١٢ی زایینی خـەباتی خۆی بـۆ شـێوازی خـەبـاتی سیاسیی نهێنـی گۆڕیـوە. یـەکسـانـی لـە هـاوینی (١٣٩١ی هـەتـاوی/ ٢٠١٢ی زایینـی)، پـاش بڕیـاری دووبـارەی هاوڕێیانی دڵسۆزی یەکسانی لـەژێر نـاوی "دەسـتـەی بووژانـدنـەوەی کۆمـەڵەی یـەکسـانـی" خـەبـاتی سیاسـیی کـۆمـەڵەی یـەکسـانـی بـە شـێوەیـەکی ئـاشـکرا لـە دەرەوەی وڵات دەسـتی پـێ کـردووەتـەوە. کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان، ئێستا خاوەنی ڕێکخستنی سیاسی لە دەرەوەی وڵات و ڕێکخستنی سیاسی/ مـەدەنی لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردستانـە و بـە شێوازەکانی سیاسـی و مـەدەنـی درێـژە بـە خـەبـات دەدات.

شـایانی باسـە کە کـۆمـەڵەی یەکسـانیی کوردسـتان وێـڕای لـەبـەرچـاوگرتنی بـەرژەوەنـدی و هـەلـومـەرجی هـەمـوو بـەشـەکانی کوردسـتان، کـەڵکـوەرگرتن لـە هـەمـوو شـێوازەکانی خـەبـات بـۆ ڕزگـاریی نـەتـەوەیـی بـە ڕەوا دەزانـێ، بـەڵام شـێوازی خـەبـاتی ئێسـتای خـۆی، بـەپێـی هـەلـومـەرج لـەسـەر خـەباتی سیاسی و مـەدەنی چڕ دەکاتـەوە و هـەوڵ دەدات لـە هـەموو مێتۆدەکانی ئاشتییانـەی سیاسـی و مـەدەنـی و جڤـاکی کـەڵـک وەرگـرێ. لـەسـەر ئـەم بنـەمـایە یـەکسانی بـەرگـری دەکـات لـە خـەبـاتی ئـاشـتیخوازانـە و یـەکسـانیخوازانـەی چـین و توێژەکـانی کوردسـتان بـۆ دیـاریکردنی مـافی چارەنووسـی خـەڵکـی کوردسـتان، خـەبـاتی یـەکسـانیخوازانـە و مـافخوازانـەی ژنـان، کرێکـاران و

زەحمەتکێشان، منداڵان و گەنجان، ڕۆشنبیران و فەرهەنگییان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ و ژینگەپارێزی لە کوردستان.

## بڕگەی سێهەم:

### ڕوانگەی یەکسانی لەبابەت کوردستان

**ئا: پێناسەی کوردستان**

کوردستان نیشتمانی گەلی کورد و هەموو ئەم گەل و کەمینانەیە کە لێی دەژین. نەتەوەی کورد لە مێژووی دێرینی خۆیدا چەندین ئیمپراتۆری و دەوڵەت و میرنشینیی لەسەر زێدەکەی دامەزراندووە کە بە هۆی هێرشی داگیرکەران، داگیر کراون. خاکی کوردستان لە مێژوودا دووجار بەبێ ڕێپێدان و ویستی دانیشتووانی لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەری ڕۆژاوایی و ڕۆژهەڵاتییەوە دابەش کراوە و ئێستا بۆتە پێنج بەش و بەسەر وڵاتانی تورکیە، سووریە، ئێراق، ئێران و ئەرمەنستان دابەش کراوە و گەلی کوردیش لەم وڵاتانە (بێجگە لە بەشێکی باشووری کوردستان) تا ئێستاش بە داگیرکراوی و بندەستەیی ماوەتەوە. گەلی کورد نەتەوەی سەرەکیی کوردستانە و بە درێژاییی سەدەی ڕابردوو بۆ ڕزگاریی نیشتمانەکەی خەباتی کردووە و قوربانیی زۆری داوە و تا ئێستاش لە خەبات و تێکۆشان بۆ بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆی بەردەوامە.

بەم پێیە کۆمەڵەی یەکسانی، کوردستان بە وڵاتێکی داگیرکراو و گەلی کوردیش بە نەتەوەیەکی بندەست و بەزۆر لێکدابڕاو و لکێندراو بەو وڵاتانی دراوسێ دەزانێ و وێڕای ئەوەی کە خەباتی سەرەکیی خۆی بۆ ڕزگاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان دەکات، بەپێی تواناش پشتگیری لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەکات بۆ بەدەستەوەگرتنی چارەنووس و دەسەڵاتی خۆیان و ئامانج و ستراتیژیی درێژخایەنی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان، سەربەخۆیی و یەکخستنەوەی هەموو خاکی کوردستان و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و وڵاتێکی پێشکەوتوو و ئاوەدانە.

**ب: ژینگەی کوردستان**

١ـ کوردستان و جیهان بە ژینگەکەیانەوە بەنرخ و جوانن. لەسەر ئەم بنەمایە، کۆمەڵەی یەکسانی، پاراستنی ژینگە و کەڵکوەرگرتنی ژیرانە و زانستییانە لەڕێی سیاسەتێکی

ژینگەناسیی زانستی لە ژینگەی کوردستان، بۆ نەوەی ئێستا و داهاتووی کوردستان بە پێویست دەزانێ.

٢ـ پێویستە سیاسەتی گەشەئابوورییەکەی، لەگەڵ خۆگریی زیندەوەران و ژینگەی کوردستان ڕێکخراو بێت، بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو بتوانن لە سروشت، زیندەوەران، ئاو و هەوا و ژینگەیەکی تەندروست و خاوێن بەهرەمەند بن.

٣ـ کۆمەڵەی یەکسانی پێی وایە، کە پێویستە دەوڵەتی کوردستان سیاسەت و بەرنامە و بوودجەی دیاریکراوی بۆ سروشت، خۆگریی زیندەوەران و ژینگەپارێزی لە کوردستان هەبێت و هاوکات ئەم سیاسەتە بە هاوئاهەنگی و هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی جیهان لەم بوارەوە بەرێوە بەرێت.

## پ: پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان

١ـ کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی هەموو پارت و ڕێکخراوە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان دەگرێ و ئامادەیە لە پێناو ڕزگاری و بەرژەوەندیی نەتەوەیی، هاوکاریی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بکات.

٢ـ پێوەندیی کۆمەڵەی یەکسانی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوەکانی تر لەسەر بنەمای ڕێز و قەبووڵکردنی دوولایەنە دەبێت.

٣ـ کۆمەڵەی یەکسانی تەنیا لەسەر بنەمای باوەڕ و بەرگری لە مافەکانی خەڵکی کوردستان و دووری لە بەرژەوەندیی یەکلایەنە و هەروەها دووری لە دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆیی، ئامادەیە لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکانی تر و هەروەها لایەنەکانی دەرەوەی کوردستان بەرە پێک بهێنێت.

٤ـ کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان، سیاسەت و کردەوەی هەر دەسەڵات و هێزێکی کوردی کە لە خزمەت داگیرکەراندا بێت یان دژی پێشکەوتن و گەشەکردنی خەڵکی کوردستان بێت، ڕەت دەکاتەوە.

# بەشی دووهەم:

# پێڕەوی ناوخۆی

# کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

**(**ئەندامێتی، ڕێکخستن، کۆنفرانس، کۆمیتەی ناوەندی، دەفتەری سیاسی، لێپرسینەوە، و ئارم و درووشمی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان)

## بڕگەی یەکەم:

### ئەندامێتی لە کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

١ـ هەر کەسێک کە باوەڕی بە بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی یەکسانی هەبێت، دەتوانێ ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان.

٢ـ هەموو ئەندامانی کۆمەڵەی یەکسانی مافی هەڵبژاردن و خۆپالاوتنیان بۆ ئەرک و بەرپرسیارییەتییەکانی یەکسانی هەیە.

٣ـ مافی ئەندامان یەکسان و ئەرک و بەرپرسیارییەتییەکانیان بەپێی توانایە.

٤ـ تەمەنی ئەندامانی یەکسانی نابێ لە ١٨ ساڵ کەمتر بێت. کەسانی ١٤ تا ١٧ ساڵ دەتوانن لە ڕێکخراوی پەروەردەی گەنجانی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستاندا بەشدار و چالاک بن.

٥ـ ئەندامانی یەکسانی پێویستە مافی ئەندامێتی مانگانە/ ساڵانە بدەن.

٦ـ لە یەکێک لە بەشەکانی یەکسانیدا کار بکەن و ڕاپۆرتی کاریان لە کاتی خۆیدا پێشکەشی ئۆرگانی پێوەندیدار بکەن.

٧ـ بە باوەڕ و بەکردەوە بۆ یەکێتیی ڕیزەکانی کۆمەڵەی یەکسانی هەوڵ بدەن و دژی دوودەستەیی و ناوچەخوازیی بن.

٨ـ هەموو ئەندامێکی یەکسانی لە ناوخۆی یەکسانیدا مافی کار و گەشەپێدانی بیر و بۆچوونی خۆی هەیە و دەتوانێ بە ئازادی و بە ئاشکرا، بیر و بۆچوون، پێشنیار و ڕەخنەکانی بۆ گەشەپێدانی یەکسانی بێنێتە ئاراوە.

٩ـ بەرپرسیارێتیی هیچ ئەندامێک لە هیچ ئەرکێکی کۆمەڵەی یەکسانییدا نابێ لە دوو خولی بەدوای یەکدا زیاتر بێت.

١٠ـ هەموو ئەندامێک مافی جیابوونەوەی لە کۆمەڵەی یەکسانی هەیە. کەسێک کە لە یەکسانی جیا دەبێتەوە، پێویستە پاش ڕادەستکردنەوەی کەلوپەلەکانی یەکسانی، بە ناردنی نووسراوەیەکی ئاشکرا بۆ ئەو ئۆرگانەی کاری تێدا دەکات، لە یەکسانی جیا بێتەوە. شایانی

باسە هیچ کەس دوای جیابوونەوە لە یەکسانی، مافی قسەکردن و کارکردنی بە ناوی "کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان"ەوە نییە.

## بڕگەی دووهەم:

### ڕێکخستن

بنچینەی ڕێکخستنی یەکسانی لە خوارەوە بۆ سەرێ دادەمەزرێ و بەسەر ئۆرگانەکانی شانە، ڕێکخراوی ناوچە، مەڵبەند و ناوەنددا دابەش دەکرێت.

**ئا. شانە:**

١ـ شانە بناخەی یەکەمی ڕێکخستنی یەکسانییە کە لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا بۆ ناساندن و دابینکردنی ئامانجەکانی یەکسانی تێدەکۆشێ.

٢ـ شانە نابێ لە سێ ئەندام کەمتر بێت.

٣ـ هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ناوخۆ و ئاگادارکردنەوەی ئۆرگانی سەرەوەتر لە چالاکییەکانی ناوچەیی، ئەرکی هەر شانەیەکی یەکسانییە.

٤ ـ ئەندامانی شانە لەناو خۆیاندا بەرپرس و جێگر هەڵدەبژێرن و پاش کۆبوونەوە و ڕاگۆڕینەوە لەسەر پرسەکان، بە هەرەوەزیی و بە زۆرینەی دەنگ بڕیار دەدەن.

٥ ـ ئەرکی بەرپرس و جێگری شانە، کۆکردنەوەی ئەندامان و ڕێکخستنی ئەرکەکانی شانە و ئاگادارکردنەوەی ڕێکخراوی ناوچەی پێوەندیدارە لە ڕەوشی شانە.

٦ـ شانەکان نوێنەری خۆیان بۆ بەشداری لە ڕێکخراوی ناوچەی خۆیان دیاری دەکەن.

**ب. ڕێکخراوی ناوچە**

١ـ ڕێکخراوی هەر ناوچەیەک لە نوێنەرانی شانەکانی ئەم ناوچەیە پێک دێت.

٢ـ ئەندامانی ڕێکخراوی ناوچە نابێ لە پێنج کەس کەمتر بن.

٣ـ ئەندامانی ڕێکخراوی ناوچە لەناو خۆیاندا بەرپرس و جێگر هەڵدەبژێرن.

٤ـ ئەرکی بەرپرس و جێگری ڕێکخراو، کۆکردنەوەی ئەندامان و ڕێکخستنی ئەرکەکانی ڕێکخراو و ئاگادارکردنەوەی مەڵبەندە لە ڕەوشی ڕێکخراو و شانەکان.

٥ـ ڕێکخراوی ناوچە پاش کۆبوونەوە و تاوتوێ کردنی پرسەکان و هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرت و داخوازیی شانەکان، هاوکاریی و ڕێنوێنییان دەکەن بۆ ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان.

٦ـ ڕێکخراوی ناوچە، مەڵبەند لە بارودۆخی شانەکان ئاگادار دەکاتەوە و بڕیار و ئامۆژگاریی مەڵبەند بە شانەکان ڕادەگەیەنێتەوە.

٧ـ لە ئەگەری پێشهاتنی هەلومەرجی تایبەتیدا، ئەندامانی تری ڕێکخراوی ناوچە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ شانەکان بەرپرس و جێگر هەڵدەبژێرنەوە.

**پ. مەڵبەند**

١ـ مەڵبەند لە نوێنەرانی ڕێکخراوی ناوچەکان پێک دێت.

٢ـ ئەندامانی مەڵبەند نابێ لە حەوت کەس کەمتر بن.

٣ـ ئەندامانی مەڵبەند لەناو خۆیاندا بەرپرس و جێگر هەڵدەبژێرن.

٤ـ ئەرکی بەرپرس و جێگری مەڵبەند، کۆکردنەوەی ئەندامان و ڕێکخستنی ئەرکەکانی مەڵبەند و ئاگادارکردنەوەی ناوەندی ڕێکخستنی یەکسانییە لە کاروباری مەڵبەند.

٥ـ هەر مەڵبەندنێک، لە پێوەندی لەگەڵ ناوەندی ڕێکخستنی یەکسانیدا، ڕێکخرواەکانی ناوچەی خۆی بەڕێوە دەبات.

## بڕگەی سێهەم:

**کۆنفرانس**

کۆنفرانس بەرزترین ئۆرگانی یەکسانییە کە هەر سێ ساڵ جارێک بە بەشداریی نوێنەرانی هەلبژێردراوی هەموو ڕێکخستنەکانی یەکسانی پێک دێت و ئەم ئەرکانە جێبەجێ دەکات:

١- هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی سێ ساڵی ڕابردووی کۆمیتەی ناوەندی.

٢- پێداچوونەوە و پەسندکردنەوەی بەرنامە و پێڕەوەی یەکسانی تا کۆنفرانسی داهاتوو.

٣- هەڵبژاردنی ٣٥ کەس لە نوێنەرانی کۆنفرانس بۆ کۆمیتەی ناوەندی (٢١ ئەندام و ١٤ جێگر بۆ ٧ ناوەندی کۆمیتەی ناوەندیی یەکسانی).

٤ـ بۆ هەر ناوەندێکی کۆمیتەی ناوەندیی یەکسانی، ٥ کەس (٣ ئەندام و ٢ جێگر) هەڵدەبژێردرێن و جێگرەکان لەکاتی پێویستدا جێی ئەندامانی تری ئەم ناوەندە دەگرنەوە.

٥ـ کەسی یەکەمی هەر ناوەندێک (بە پێی زۆرینەی دەنگی کۆنفرانس)، ڕاستەوخۆ دەبێتە ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان.

٦ـ ئەندامانی دەفتەری سیاسی یەکسانی لە یەکەم کۆبوونەوەی دوای کۆنفرانس، وتەبێژی یەکسانی هەڵدەبژێرێن.

**ـ کۆنفرانسی نائاسایی**

١ـ لەکاتی هاتنە ئارای هەلومەرجی تایبەتدا، لەسەر داوای دوو لەسەر سێی ڕێکخستنەکانی یەکسانی، کۆنفرانسی نائاسایی دەبەسترێت.

٢ـ کۆنفرانسی نائاسیی توانا و دەسەڵاتی کۆنفرانسی هەیە.

## بڕگەی چوارەم:

### کۆمیتەی ناوەندی

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی یەکسانی لە ٢١ ئەندام و ١٤ جێگر پێک دێت. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ڕێکخستنەکان لەڕێی خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردن لە کۆنفرانسدا دیاری دەکرێن. هەڵبژێردراوەکان ئەرکەکانی بەڕێوەبردنی ناوەندەکانی کۆمیتەی ناوەندیی یەکسانی لە ئەستۆ دەگرن.

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی یەکسانی بەسەر ٧ ناوەنددا دابەش دەبێت، کە بریتین لە:

١ـ ئابووری ٢- ڕێکخستن ٣ - پێوەندی ٤- شارستانی (مەدەنی) ٥ – پەروەردە ٦ – چاودێری ٧ – ڕاگەیاندن

### ١ـ ناوەندی ئابووری

داهاتەکانی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان لەژێر چاودێری و بەڕێوەبەریی ناوەندی ئابووریی یەکسانییدا دەبن و بریتیین لە:

ئا. مانگانەی ئەندامانی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان.

ب. یارمەتیی هاوڕێیان و دۆستانی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان.

### ٢ـ ناوەندی ڕێکخستن

ناوەندی ڕێکخستنی یەکسانی دوو ئەرکی سەرەکی لەستۆیە کە بریتین لە یەکەم بەڕێوەبردنی هەموو ڕێکخستنەکانی یەکسانی و دووهەم ئامادەکاریی کۆنفرانس.

### ٣ – ناوەندی پێوەندی

ناوەنـــدی پێوەنـــدی ئەرکـــی پێوەنـــدی گـــرتن لەگەڵ لایەنە سیاســـییەکان و ئۆرگـــانە نێونەتەوەییەکان جێبەجێ دەکات.

### ٤ – ناوەندی شارستانی

ناوەنـدی شارسـتانی کـار و چـالاکیی جەمـاوەریی لە بووارەکـانی کـۆمەڵایەتی، فەرهەنگـی، ژینگەپارێزیی و هتد ڕێک دەخـات و لەگەڵ ڕێکخـراوە مەدەنییەکـان لە پێوەنـدی و هاوکاریـدا دەبێت.

### ٥ – ناوەندی پەروەردە

ناوەندی پەروەردە، ئەرکی پەروەردەو بارهێنانی ئەندامانی یەکسانی لە سەر شانە و بە پێـی بارودۆخی ڕێکخستنی یەکسانی، بەرنامەی پەروەردە دادەرێژێت و جێبەجێی دەکات.

### ٦ـ ناوەندی چاودێری

ئەم ناوەنـدە چـاودێریی کـاری ئۆرگانەکـانی یەکسـانی دەکـات و لە سـکاڵای ئەنـدامان و ئۆرگانەکـان بە پێـی پێـڕەوی نـاوخۆی یەکسـانی دەکـۆڵێتەوە و لێپرسـینەوەیان لـێ دەکـات. هاوکـات ئەم ناوەنـدە بەرگریـی لە دادپەروەریـی و یەکسـانی لەنـاو کـۆمەڵەی یەکسـانیی کوردستاندا دەکات.

### ٧ – ناوەندی ڕاگەیاندن

ناوەنـدی ڕاگەیانـدنی یەکسـانی کاروبـاری ڕاگەیانـدن، بەڕێـوەبردنی پێگەکـانی یەکسـانی لە ئینتێرنێت، گۆڤارەکان و سەرجەم کاری مێدیایی یەکسانی ڕێک دەخات.

## برگەی پێنجەم:

**دەفتەری سیاسی**

دەفتەری سیاسی یەکسانی لە ٧ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی یەکسانی پێک دێت کە هەر کامیان نوێنەرایەتیی یەکێک لە ناوەندەکانی کۆمیتەی ناوەندی دەکەن.

دەفتەری سیاسی هەر ٤ مانگ جارێک پلێنۆم دەگرێت و وێرای هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی چوار مانگی ڕابردووی ناوەندەکانی یەکسانی، بەرنامەی کار و تێکۆشانی یەکسانی بۆ چوار مانگی داهاتوو دیاری دەکات و ڕاپۆرتی پلێنۆم بۆ کۆمیتەی ناوەندیی یەکسانی دەنێرێتەوە.

شایانی باسە کە پلێنۆمی سێهەمی ساڵانەی دەفتەری سیاسی بە بەشداریی هەموو ئەندامان و جێگرانی کۆمیتەی ناوەندیی یەکسانی بەڕێوە دەچێت و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەم کۆبوونەوەیەدا ڕاپۆرتی کار و تێکۆشانی یەکساڵەی یەکسانی هەڵدەسەنگێنن و بەرنامەی کار و تێکۆشانی ساڵی داهاتوو دادەڕێژن. (جێگرانی کۆمیتەی ناوەندی لەم کۆبوونەوەیەدا مافی دەنگی ڕاوێژکارییان هەیە).

**تێبینی** : شێوازی بەڕێوەبەریی لە هەموو ئۆرگانەکانی کۆمەڵەی یەکسانیدا بە شێوی هەرەوەزیی و کاری دەستەییە. هەر بەم پێیەش، بڕیاردان لە یەکسانیدا دوای باس و هەڵسەنگاندنی بابەتەکان و بەپێی دەنگی زۆرینەی ئەندامانی ئۆرگانی پێوەندیدار دەبێت. لەسەر ئەم بنەمایە، ڕێزگرتن لە یەکتر، پشت بەهەڤدووبەستن و بە تێگەیشتنی هاوبەش و دووری لە تاکڕەوی و تاکپەرستی، وەک بنەمای کاری دەستەی بەڕێوەبەریی کۆمەڵەی یەکسانی دەناسێنرێن.

## بڕگەی شەشەم:

### لێپرسینەوە

هەر ئەندامێک کە لە کۆمەڵەی یەکسانیدا، پرنسیپ و بەرنامە و پێڕەوی ئەم ڕێکخراوە پێشێل بکات، پاش لێپرسینەوەی لەلایەن ناوەندی چاودێریی یەکسانی، بەگوێرەی پێشیلکارییەکەی، بە یەکێک لەم شێوازانەی خوارەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت:

١ـ وشیارکردنەوە بە دەم یان بە نووسراوە

٢ـ هەڵپەساردنی بەرپرسیارێتی

٣ـ لێسەندنەوەی بەرپرسیارێتی

٤ـ هەڵپەساردنی ئەندامێتی

٥ـ لێسەندنەوەی مافی ئەندامێتی

## بڕگەی حەوتەم:

### ئارم و دروشمی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

**ئا. ئارمی یەکسانی**

ئارمی یەکسانی لەو هێما و واتایانە پێک دێت:

١ـ نەخشەی کوردستان، کە هەموو ڕووبەری خاکی کوردستان لەخۆ دەگرێت و بە واتای باوەڕی یەکسانی بە سەربەخۆیی و یەکبوونی خاکی کوردستان دێت.

٢ـ ئالای کوردستان، هێما و یادگاری کۆماری کوردستانە و کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان ڕێزی لێ دەگرێ.

٣ـ کۆشکی یەکسانی، کە لەسەر بنەمای ئەم هێمایانە دادەمەزرێت:

ئا. دوو دەست کە لە دەستی ژنێک و پیاوێک پێک دێن، بە واتای باوەڕی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان بە یەکسانیی ژن و پیاوە.

ب. پەرتووک و پێنووس هێمای باوەڕی کۆمەڵەی یەکسانی بە خەباتی زانستی و پێشکەوتنخوازنەن.

پ. تەرازوو، بە واتای باوەڕ بە یەکسانیخوازیی و دادپەروەری دێت.

٤ـ ناوی (کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان)، کە بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی نووسراوە.

٥ـ دوو کۆتری سپیی، ڕاست و چەپی دروشمی سەرەکیی یەکسانی بەواتای باوەڕی یەکسانی بە ئاشتی و خەباتی ئاشتیخوزانەیە.

**ب. دروشمی سەرەکیی یەکسانی "دای بڕێژین کۆشکی یەکسانیی ژیان"**

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان بەپێی بیری یەکسانیخوازانەی، دروشمی "دای بڕێژین کۆشکی یەکسانیی ژیان"ی وەک دروشمی سەرەکیی خۆی هەڵبژاردووە. شایانی باسە، کە ئەم دروشمە لە هەڵبەستێکی هۆزانوانی یەکسانیخوازی کورد مامۆستا (قانع) وەرگیراوە، کە لە بەشێک لە هۆنراوەکەدا دەڵێ:

...

با هەموو جووتیار و پاڵە و ڕەنجدەران

یەکگرن، تا دەبنە هێز و پشتیوان

هەڵگرن پاچ و چەک و بێل و قەڵەم

... دای بڕێژن کۆشکی یەکسانیی ژیان.